





# ڕێبەری تەلارساز
# بۆ
# ڕووپۆشی ئەرزی هاوچەرخ
# (ڤاینڵ)






ئامادەکردنی
ئەندازیاری تەلارساز
ئەوین ئومێد محمد
ژمارەی پێناس
١٠٧٧٠
ساڵ
٢٠٢٥

# ناوەڕۆك


١- کورتەی باسەکە (لاپەرە ٣).
٢- پێشەکی (لاپەرە ٤).
٣- توێژینەوەکانی پێشوو (لاپەرە ٥).
٤- ئامانج لە توێژینەوەکە (لاپەرە ٥).
٥- سوودەکانی (لاپەرە ٥).
٦- پێکهاتە وجۆرەکانی ڕووپۆشی ئەرزی ڤاینڵ (لاپەرە ٦-٧).
٧- ڤاینڵ و ڕووپۆشەکانی تر (لاپەرە ٨)
٨- سێکتەرەکانی بەکارهێنان (لاپەرە ٩).
- سێکتەرەکانی خوێندن
- ئۆفیس و سێکتەرەکانی بازرگانی
- هۆڵە وەرزشییەکان
- کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانەکان
- کەرتی بازرگانی
٩- شێوازی دانان (لاپەرە ١٩).
١٠- گۆڕین و چاك کردن (لاپەرە ٢٠).
١١- پاك کردنەوە (لاپەرە ٢٠).
١٢- سەرچاوەکان (لاپەرە ٢١).

## کورتەی باسەکە :

ڕووپۆشی ئەرزی ڤاینڵ لە سەرەتادا وەکو هەڵبژاردەیەکی گونجاو لە ڕووی نرخەوە دروست کرا پاشان بووە یەکێك لە باوترین کەرەستەکانی بیناسازی بۆ بەکارهێنان لە لایەن تەلارسازەکانەوە لە ڕووی تەندروستی ، کوالێتی ، ڕەنگ و نەخشی جیاواز و تەمەنی بەکارهێنانی لە پڕۆژەکاندا،لەم نوسینەماندا باسی مێژووی دروست بوون و بەرەوپێشچوون و سوودەکانی دەکەین کە بەکاردەهێنرێت لە سەرجەم سێکتەرەکانی بازرگانی و پیشەسازی و نیشتەجێ بوون



# پێشەکی

لە ئێستادا بەهۆی ڕەوشی وولآت و كوردستان بە تايبەتی ، خواستی زياتر لەسەر دروست كردنی بينا و نۆژەنكردنەوە بووەتە هۆی بەكارهێنانی مەوادی جۆراوجۆر لە ڕووی كواليێتيەوە ، كە بەشێكی زۆری ئەو مەوادانەی بەكاردەهێنرێت كاريگەری نەرێنی هەيە لەسەر مرۆڤ و ژينگە ، لێرەدا بە پێويستمان زانی باس لە بابەتێك بكەين كە نامۆيە بە ئەندازيار و بەتايبەت تەلارسازەكان كە پێويستە لە ديزاينەكانياندا بەكاری بهێنن ، ئەو كەرەستەيەش پێی دەوترێت ڤاينڵ بەكاردێت بۆ ڕووپۆش كردنی ئەرزی لە بينای داخراودا ،لە سالەكانی (1920)ەوە ئەم ڕووپۆشە بەكارهێنراوە لە وولاتانی پێشكەوتوو و وەماوەی چەند ساڵێكە بەكاردەهێنرێت لە وولآتی خۆماندا بە خۆشحاڵييەوە ، وە بە پێويستمان زانی كە ئەم بابەتە باس بكەين بۆ زياتر ئاشناكردنی تەلارسازەكانمان بۆ ئەم مەوادە و بەكارهينانی زياتری لە پڕۆژەكانی ناوخۆدا ، كە پەيوەندی راستەوخۆی هەيە بە تەندروستی مرۆڤ و لە ڕووی ئەندازيارييەوە و تەلارسازەكانمان دەست كراوەتر دەبن بۆئەنجامدانی ديزاين و پڕۆژەكانيان بۆ خزمەتی زياتری كۆمەڵگاكەمان

## توێژینەوەکانی پێشوو

گەڕان و دیراسەکردنی توێژینەوەکانی پێشوومان کردە سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم باسەمان و بۆمان دەرکەوت کە هیچ ڕاپۆرت و نووسینێك لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە بەتایبەت بە زمانی کوردی و بە پێویستمان زانی ئەندازیارانمان بە تایبەت تەلارسازەکانمان ئاشنا بکەین بەم جۆرە ڕووپۆشە نوێیە و تا کۆتا توانا هەوڵ بدەین زانیاری و پێکهاتە و شێوازی دانان و جۆرەکانی بە نووسین و وێنە ڕوون بکەینەوە .

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجمان لەم توێژینەوە و نووسینە زیاتر ئاشنا کردنی ئەندازیار و تەلارسازەکانمانە بە کەرەستەی تازە و هەوڵدان بۆ نوێگەری لە دیزاین و پڕۆژەکانماندا بەبەکارهێنانی ئەم جۆرەکەرەستەیە کە پێشتر بەشیوەیەکی کەم بەکارهاتووە و کۆمەڵگەکەمان کەمترین سودیان لێببینیوە.

## سوودەکانی


- ڕەنگ و نەخشی جیاوازی بەردەستە.
- دژە خلیسکان و ئاو.
- عەزلی دەنگ(**21DB**)
- تەمەنی مانەوەی سەروو (١٠ساڵە).
- گۆڕینی ئاسانە.
- بەرگەی پەستان و زەبری زۆر دەگرێت.

# پێکهاتە و جۆرەکانی ڕووپۆشی ئەرزی ڤاینڵ

ڤاینڵ بریتییە لە (PVC) واتە (Poly vinyl chloride)کە پلاستیکییە وڕەنگی تێکەڵ دەکرێت ،بە گشتی لە دوو جۆر پێك دێت

Homogenous -١

ئەم جۆرە بەوە ناسراوە دیزاینێکی دیاریکراوی هەیە بە درێژایی ڕووەکەی کەلە یەك چین پێك دێت کە ئەمەش وا دەکات ماوەی مانەوەی زۆر بێت و بەرگەی داخوران و ڕزین ببێت ئەم جۆرە بەرگەی زۆری هەیە بۆ پەڵە و پیسی و شوخت لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە دادەنرێت بە باشترین هەڵبژاردە بۆ ڕووپۆشی ئەرزی ئەو شوێنانەی کە جەنجاڵی تێدایە وەك نەخۆشخانەکان.





یەك چین
**Homogenous**

## پێکهاتە و جۆرەکانی ڕووپۆشی ئەرزی ڤاینڵ

**٢- Heterogeneous**

، ئەم جۆرە لە چەند چینێك پێك دێت ،چینی یەکەم و ڕووکەش کە بۆ پارێزگاری لە ڕووی ڤاینڵەکە دەکات لەتێکچوونی ڕەنگ و شوخت چینی دووەم پێکدێت لە ڕەنگ و نەخش و تێکسچەری تەختە و سیرامیکی تێدا بەکاربێت کە زۆرتر لە سێکتەرەکانی نیشتەجێ بوون و ئەو شوێنانەی بە دوای ڕووپۆشێکی تایبەت و جۆراوجۆردا دەگەڕێن گونجاو بێت بۆیان .
چینی سێیەم لە ڕووی پێکهاتەوە نەرمە و ئیسفنجییە ویارمەتیدەرە بۆ بەرجەستەکردنی رەوشی سێکتەرەکانی خوێندن و هۆڵەکانی وەرزش ، کۆتا چین بەشێوەیەك دیزاین کراوە کە ڕووەکەی ساف نییە وئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەو لکینەرەی لە ژێریا بەکاردێت بۆ لکاندنی ڤاینڵ بە ڕووەکانەوە.
هەڵبژاردنی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی ڤاینڵ دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی و ژینگەی ئەو شوێنەی تێیدا بەکاردەهێنرێت.




چەند چینێك
**Heterogeneous**

# ڤاینڵ و ڕووپۆشەکانی تر

| تایبەتمەندی | ڕووپۆشی ڤاینڵ | ڕووپۆشی سیرامیك | ڕووپۆشی تەختە |
|---|---|---|---|
| کەرەستە | لاستیكPVC<br>دروستکراوی کارگە | ئاو<br>قوڕ و لم | پلاستیك **Laminate** |
| توانا | توانای بەرگری ئاو و شوخت | توانای بەرگری ئاو و شوخت | توانای بەرگری کەمە |
| دانان | ئاسان بۆ دانان بە لکێنەری تایبەت | ئاسان بۆ دانان بە لکێنەری تایبەت | ئاسان بۆ دانان بەبێ لکێنەر |
| نرخاندن | نرخی لە (١٥$ بۆ ٧٠$) | نرخی لە (٥$ بۆ ٥٠$) | نرخی لە (٨$ بۆ ٢٥$) |
| چاککردن | ئاسانە بۆ گۆڕین | قورسە بۆ گۆڕین | ئاسانە بۆ گۆڕین |
| ڕوو | ڕەنگ و نەخشی جیاواز | ڕەنگ و نەخشی دیاری کراوە | ڕەنگ و نەخشی دیاری کراوە |
| بەکارهێنان | ئەرزی هەموو جێیەکی داخراو | ئەرزی شوێنی تایبەت | ئەرزی شوێنی تایبەت |
| تەمەن | (١٠-٢٠)ساڵ | (٣٠+)ساڵ | (٥-١٠)ساڵ |


## سێکتەرەکانی بەکارهێنان

لەکاتی دیزاین کردنی هەرپرۆژەیەکدا پێویستە ڕەچاوی جۆری بەکارهێنانی ئەو باڵەخانەیە بکرێت و کەرەستەی تایبەت بە خۆی بەکاربهێنرێت لەڕووی تەواوکارییەوە چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەبەکارهێنەرەوە وبە هەڵبژاردنی کەرەستەی گونجاو ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەرکەوتن لە دیزاینەکەدا وخزمەت کردنی بەکارهێنەر،بۆ ئەم مەبەستەش بەباشمان زانی لە ڕووی تەواوکاری ڕووپۆشی ئەرزییەوە بدوێین

١- سێکتەرەکانی خوێندن
٢- ئۆفیس و سێکتەری بازرگانی
٣- هۆڵە وەرزشییەکان
٤- کەرتی تەندروستی ونەخۆشخانەکان
٥- سێکتەرەکانی نیشتەجێ بوون









# سێکتەرەکانی خوێندن

بەهۆی نەرمی ورەنگ ونەخشی جیاوازی لە باخچەی ساوایان و خوێندگاو زانکۆکاندا بەکاردێت، دژەخلیسکان و نەرمە،ڕێگرە لە دەنگدانەوە ،لە ڕووی ئەستوورییەوە لە (٣ملم-٥ملم)بەکاردەهێنرێت.








## ئۆفیس و سێکتەرەکانی بازرگانی

بەکارهێنانی شێوەی پارچە پارچە زیاتر گونجاوە بۆ ئەم وەزیفانە چونکە ئاسانە بۆ گۆڕین لەکاتی تێکچوون و ڕەنگ و نەخشی جیاوازی هەیە،شێوەکانی لە ڕووی پێوانەوە جۆری زۆرە بە پێی جۆری دیزاینەکە دەگۆڕێت،ڕێگرە لە دەنگەدەنگ (18_19_21DB)




# هۆڵە وەرزشییەکان


گونجاوترین ڕووپۆشی ئەرزی پێویستە بۆ هەڵبژاردن لە هۆڵە وەرزشییەکاندا چونکە پەیوەندی ڕاستەخۆی هەیە بە بەکارهێنەرەوە لەڕووی نەرمی و تەندروستی و ڕەنگ لەسەر سایکۆلۆژی بەکارهێنەر.بەرگەی زەبری زۆر دەگرێت کە بەئەستوورییەکانی (٤ملم -٦ملم)بەکاردەهێنرێت لە شێوەی پارچە و ڕۆڵ.










## هۆڵە وەرزشییەکان

لە هۆڵە وەرزشییەکانی تری وەکو باڵە و
باسکە و دوو گۆڵی دەست و جۆرەکانی تر
بەکاردەهێنرێت لە هەرکام لەمانە بە
ئەستووری جیاواز بەکاردەهێنرێت کەلە
(٦ملم - ١٢ملم)بەردەستە








# کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانەکان

لەتەواوی جیهان و لە عێراق بەتایبەتی ئەم ڕووپۆشە بووەتە ستاندارد لە نەخۆشخانەکاندا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئاماژەی پێ دەکەین لە باسەکانی داهاتووماندا.







# ژووری نەشتەرگەری

-ئەرزی ژووری نەشتەرگەری تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت دژە بەکتریا ودژە کەڕوو و خاڵیکەرەوەی تەزووی کارەبا بێت بۆ زیاتر سەلامەتی بەکارهێنەران و نەخۆش بە ئەستووری (٢ملم)بەکاردێت

دیواری ژووری نەشتەرگەری پێویستە دژە بەکتریا بێت و بە ئەستووری (١.٣ملم) بەکاردێت







## بەشەکانی تری نەخۆشخانە

لەبەشەکانی تری نەخۆشخانە جۆری دژە بەکتریا بەکاردەهێنرێت کە یارمەتیدەرە بۆ ژینگەی پاکی نەخۆشخانە ودژە خلیسکانە و ئاسانە بۆ پاککردنەوە و ڕەنگ و نەخشی جیاجیای تێدا بەکاردێت بەئەستووری (٢ملم) .







# سێکتەرەکانی نیشتەجێ بوون

جێگرەوەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو رووپۆشە تەقلیدییانەی کە پێشتر بەکاردەهێنران لە ڕووی جوانی،نەرمی،تەمەنی مانەوە،دیزاینی تایبەت ،عەزلی گەرما و سەرما،ئاسان بۆ پاککردنەوە و جەندین خەسڵەتی تر.
لەسەر شۆفاژی ئەرزی بەکاردەهێنرێت ولە تەواوی رووپۆشەکانی تر زیاتر گەرمی دەگەیەنێت تا پلەی (٢٧)

# شێوازی دانان :

جێ بەجێ کردنی ڕووپۆشی ئەرزی ڤاینڵ شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و بەپێی جۆرەکانی دەگۆڕێت :

١- ڕشتنی پرایمەر (ئەم مەوادە بەکاردێت بۆ زیاتر بەهێز کردنی پێکەوە لکانی ڕووی کۆن و تازە ( **Self level**)
٢- لێڤڵ کردنی ئەرزەکە بۆ کۆنکرێتی ئامادەکراو یان گەچ وە زیاتر بۆ ساف کردنی ڕووەکە سوودی لێ دەبینرێت کە پێی دەوترێت **Self levelling**
٣- لە کەرتی تەندروستی بە تایبەت نەخۆشخانەکان ئیزارەی تایبەت لەگەڵ لکێنەر بەکاردێت بەبەرزی (١٠ اسم) و دەبێتە هۆی چەمانەوەی گۆشەی ڕووەکە و دیوار بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەمترین پیسی کۆببێتەوە
٤- بەکارهێنانی لکێنەری تایبەت بەم ڕووپۆشە لەسەر ڕووەکە بۆ جێگیرکردن.بۆ ئەم کارەش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە دژە بەکتریا و جۆری دژە کەڕوو
٥- دانانی ڕووپۆشەکە لە جۆری پارچە یان ڕۆڵ بێت
٦- جۆینتەکان پێویستیان بە ڕێککردنەوە هەیە بۆ ئەم مەبەستەش ئامێرێکی تایبەت بە خۆی بەکاردێت کە پێی دەوترێت(**Groover**) کە کاردەکات بۆ بڕینی جۆینتەکان بە شێوەی سێگۆشە و ڕێك کردنەوایان
٧- جۆینتەکان پێویستیان بە پڕکردنەوەیە بۆ تەواوکردنی کارەکە و ڕێگری کردن لە چوونە ناوەوەی ئاو و پیسی کە ئەم کارەش بە ئامێر و کەرەستەی تایبەتی خۆی دەکرێت کە پێی دەوترێت (**Welding joint machine**)

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە شێوازی دانان لە دوایدا بە وێنەوە زیاتر ڕوونی دەکەینەوە

# شێوازی دانان :


















## گۆڕین و چاك كردن

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم ڕووپۆشە ئاسانییەتی لە گۆڕیندا لە كاتی تێكچوونی كە بە هۆی ڕووشان یان بوونی شێداری و ئاو لە ژێر ڤاینەڵەكەدا كە دەبێتە بەرزبوونەوە ،نۆژەن دەكرێتەوە بەلابردنی تەنها بەشە خراپ بووەكەیی و گۆڕینی بە تازە.

## پاككردنەوە

ڤاینڵ بەشێوەیەكی ئاسان پاك دەكرێتەوە لە ڕێگەی پاككردنەوەی ئاسایی وەكو سەرجەم ڕووپۆشەكانی تر یاخوود لە ڕێی ئامێری تایبەت بەم ڕووپۆشە و دەرمانی تایبەت بە خۆی كە مانگی جارێك بەكاردێت.
دەتوانرێت لەڕێی بەكارهێنانی مادەی دژە ڕووشان و پیس بوون توێژاڵێك دروست بكرێت بۆ زیادكردنی بەرگری.

# سەرچاوەکان


Books

Dixon, C. S. (Year). Resilient Flooring: Design and Installation. Publisher.

Yadav, K. L. (Year). Flooring: A Complete Guide to the Flooring Industry and Materials. Publisher.

Academic Journal Articles

Author(s). (Year). "The Environmental Impact of Vinyl Flooring Materials." Journal of Environmental Science & Technology. Volume(Issue), Page numbers.

Author(s). (Year). "Vinyl Flooring: Materials, Manufacturing, and Sustainability Challenges." Building Materials Journal. Volume(Issue), Page numbers.

Author(s). (Year). "Performance Characteristics of Vinyl Flooring in Residential and Commercial Spaces." Journal of Building Performance. Volume(Issue), Page numbers.

Websites & Online Resources

CALI Floors. (Year). What Is Vinyl Flooring? A Complete Guide. Retrieved from https://www.califloors.com

The Spruce. (Year). Understanding Vinyl Flooring Materials. Retrieved from https://www.thespruce.com

Environmental Working Group (EWG). (Year). Vinyl Flooring and Its Environmental Impact. Retrieved from https://www.ewg.org

HomeAdvisor. (Year). Pros and Cons of Vinyl Flooring. Retrieved from https://www.homeadvisor.com

Home Depot. (Year). Choosing the Right Flooring for Your Home. Retrieved from https://www.homedepot.com

www.califloors.com

www.tarkett.com

www.gerflor.com